# ئازادی و پەیکەرەکەی

**سەنگەر زراری**
Sangarz81@yahoo.com

دەڵێن کاتێ نووسەری ناوداری بەریتانی "برناردشۆ" لەگەڵ برادەرە ئەمەریکییەکەی لە شاری نیویۆرك بە پیاسە دەڕۆن، بە لای "پەیکەری ئازادی"دا تێدەپەڕن، لە برادەرەکەی دەپرسێت:

– ئەم پەیکەرە چییە؟!

ئەویش پێی دەڵێت:

– ئەمە پەیکەری ئازادییە، وەك هێمایەك بۆ ئازادی لە وڵاتەکەی ئێمە دروست کراوە.

برناردشۆ پێدەکەنێت و دەڵێت:

– ڕاست دەکەی لای ئێمەش وایە، ئەگەر یەکێك بمرێ پەیکەری بۆ دروست دەکەن.

ئەمە مانای ئەوەیە کە "برناردشۆ" پێی وایە ئازادی لە ئەمەریکا مردووە.

ئەگەر ئازادی لەئەمەریکا وابێت کە بە وڵاتێکی پێشکەوتووی جیهان دەناسرێت، دەبێ لای ئێمەی کورد حاڵی چۆن بێت، هەبوونی ئازادی هەر ئەوە نییە کە لێبگەڕێن بە ئارەزووی خۆت قسە بکەیت و قسە بە دەسەڵاتداران بڵێیت، بەڵکو ئەوەشە کە گوێیەك هەبێ ئەم قسانە ببیستێ و لایەنێك هەبێت وەڵامی قسە و داواکارییەکانت بداتەوە.

ئەگەر ڕێگات پێ نەدەن بڵێی کارەبامان نییە، ئاومان نییە، ڕێگامان قیرنەکراوە، حاڵمان خراپە، وەکو ئەوە وایە نەخۆش بیت و بچیە لای دکتۆر، بەڵام نەوێری باسی نەخۆشییەکەت بکەیت، یان ئەگەر باسی بکەیت لەجیاتی ئەوەی دکتۆرەکە چارەسەرت بکات، لێت بدات.

ئەمڕۆ زۆر قسە دەکرێت، زۆر ڕەخنە لە دەسەڵات دەگیرێت، تەنانەت جوێنیش بە دەسەڵات و دەسەڵاتداران دەدرێت، بەڵام وەڵامێك نییە، کەسێك نییە گوێیان لێرابگرێت، خەڵك بە ئاشکرا قسە دەکات، لە ناو پاس، لەسەر جادە، لە بازاڕ و لە کۆڵانەکان، لەماڵەوە... بەڵام کەس قسەکان نابیستێت، بەجۆرێك ئەگەر ئەو قسانەی ئەمڕۆ دەکرێن چەند ساڵێك پێش ئێستا بکرابان خەڵکی لەسەر دەخرایە بەندیخانە.

ئەمڕۆ خەڵکی لەسەر ڕەخنەگرتن و جوێندان ناگیرێت، بەڵام لەجیاتی ئەوەی خەڵك دەسگیر بکرێت، خەڵك فەرامۆش دەکرێت، هەرچەند هاوار بکەی و جوێن بدەی وەڵامت نادەنەوە، ئەمەش جۆرێکە لە جەنگی دەروونی، بۆیە لەم حاڵەتەدا خەڵك تووشی کاردانەوەی ناتەندروست دەبن، بۆنموونە: ئەوەی ئێستا بە "زمانی زبر" ناوی ڕۆیشتووە و بۆتە بنێشتەخۆشەی سەر زاری هەندێ نووسەر و دەزگای ڕاگەیاندن، من پێموایە کاردانەوەی وەڵامنەدانەوەی دەسەڵاتدارانە بۆ داواکاری خەڵك، هەموو کەسێك وایە، تەنانەت کاتێ منداڵ چەند جارێك بانگی دایکی دەکات، ئەگەر دایکەکە وەڵامی نەداتەوە، منداڵەکە هاوار دەکات و تووشی کاردانەوە دەبێت و لەوانەیە جوێنیش بە دایکەکە بدات، بەو پێیەش کە دەسەڵات بەخێوکەری خەڵکە، ئەگەر وەڵامی داواکاری خەڵکەکە نەداتەوە، خەڵك هیچیان بۆ نامێنێتەوە تەنها ئەوە نەبێت کە قسە بکەن و هاوار بکەن و جوێن بدەن، بۆیە ئەگەر دەسەڵات دەیەوێ خەڵك جوێن نەدات و وەکو خۆیان دەڵێن زمانی زبریان لەبەرامبەردا بەکار

نەهێنیٚ، دەبیٚ وەلاٚمی خەڵك بدەنەوە و داواكارییەكانیان جێبەجیٚ بكەن.